## وانەی یەکەم

# قوتابێتی - 1

## نوێژ

ڕابەری گروپ: نوێژ بکە لەپێناوی تەرخانکردنی گروپەکەت و ئەم بەرنامەیەی ئامادەکردنی قوتابی بۆ خوداوەند.

### ستایش و پەرستن

### بە تەواوی لە خودا ناگەین

فێربکە: ئایا (پەرستن) چییە؟

هەڵوێستی ملکەچی و نوشتانەوە و تەرخانکردنە بۆ خودا، ئەمانەش بەڕێگای نوێژ جۆراوجۆر و شێوازی ژیانمان دەریدەخەین.

بۆ ئەوەی خودا بپەرستین، پێویستە بزانین خودا کێیە. لەم وانەیەدا سەبارەت بە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی خودا فێردەبین.

(ڕابەری گروپ: ئەو فێرکردنە بخوێنەوە کە دەڵێت (بە تەواوی لە خودا ناگەین)).

بیرۆکەی سەرەکی: بە تەواوی لە خودا

1 بەتەواوی لە سنووری خودا ناگەین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤ دەتوانێت بیناسێت.

**بخوێنە:** (ئەیوب11: 7-8). **فێربکە:** هیچ کەسێك ناتوانێ سنووری خودای مەزن بپێوێ. هەروەها ناتوانێ هەموو شتێك دەربارەی خودا بزانێ یاخود تێی بگات. بۆ ئەوەی شتێك پێناسە بکەیت پێویستە سنووری ئەو شتە دیاری بکەیت، بەهەمان شێوە بۆ ئەوەی خودا پێناسە بکەیت پێویستە سنووری دیاری بکەیت. بەڵام ئەگەر هەر کەسێك بیتوانییایە خودا پێناسە بکات واتا سنووری خودا دەزانێت و دواتر لە خودا مەزنتر دەبوو. کتێبی پیرۆز فێرمان دەکات کە خودا مرۆڤی بە سنووورداری دروست کردووە، لەبەر ئەوەی خودا بەخۆی سنووری ئێمەی داناوە بێگومان هەموو شتێك دەربارەی ئێمە دەزانێت. ئەم ڕاستییەش وامان لێدەکات پێگەی خۆمان بزانین لە نێو بەدیهێنەرەکانی خودا. دواتر دەبێت زیاتر بێ فیز بین لەبەردەم خودای مەزن. بەڵام ئەگەر هیچ کەسێك لە توانایدا نەبوو سنووری خودا دیاری بکات یاخود ئەو نهێنییانە تێبگات کە تایبەتە بە خودا، ئایا ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ئێمە ناتوانین هیچ شتێك دەربارەی خودا بزانین؟ ئایا دەکرێ ئێمەی مرۆڤ هیچ شتێك دەربارەی خودا بزانین؟ بەڵێ. دەتوانین، بەڵام لەو سنوورەی کە خودا بۆمانی ئاشکرا کردووە. ﴿*نهێنییەکان بۆ خوداوەند خودامانە و ئاشکراکراوەکان بۆ ئێمە و کوڕانمانە تا هەتایە، تا کار بە هەموو وشەکانی ئەم فێرکردنە بکەین*﴾ (وتەکان29: 29).

2 خودا نابینرێ. بەڵام خۆی ڕادەگەیێنێت بۆ خەڵکی.

**بخوێنە:** (کۆلۆسی1: 15). **فێربکە:** خودا ڕۆحە (یۆحەننا4: 24)، لەبەر ئەوە نابینرێت بە چاوی مرۆیی. بۆیە هیچ مرۆڤێك نییە خودای بینیبێت، هەروەها هیچ کەسێك نییە بتوانێت پێگەی خودا یاخود پێناسەی کەسایەتی خودا باس بکات، ئەگەر خودا بەخۆی دەربارەی خودی خۆی و کەسایەتییەکەی ڕانەگەیێنێت بۆ مرۆڤ. ئایا دەکرێ ئێمەی مرۆڤ خودا ببینین؟ بەڵێ. چونکە عیسای مەسیح وێنەی بینراوی خودای نەبینراوە. خودای مەزن (ئەوەی کە ڕۆحی نەبینراوە) تایبەتمەندیەکی مرۆڤی وەرگرتووە لە مەسیحدا، خودا لە نێوان خەڵکی دا ژیا بۆ ئەوەی بتوانن ببینن. عیسای مەسیح فەرمووی ﴿*ئەوەی منی بینیوە باوکی بینیوە*﴾ (یۆحەننا14: 9). هەزاران کەس عیسای مەسیحیان بینی و چاودێری ژیانیان کردووە. دەکرێ ئەو زانیاریانەی کە لە کتێبی پیرۆز دا نووسراوە یارمەتیمان بدات لە بینین و ناسینی عیسای مەسیح. بەم شێوەیە، دەتوانین بەهۆی عیسای مەسیحەوە خودای نەبینراو ببینین و بیناسین. هەروەها دەتوانین لە ڕێگای عیسای مەسیحەوە خۆشەویستی خودا و بەزەیی و پیرۆزی و چاکە و توانا و دەسەڵات و دانایی خودا ببینین. بە کورتی دەتوانین لە ڕێگای عیسای مەسیحەوە شکۆی خودا ببینین، چونکە شکۆی خودا پوختەی هەموو تایبەتمەندی و تەواوی خودایە (کەماڵی خودا)- لە نێوان ئەوانەش بوونی خودایە لە ژیانمان.

عیسای مەسیح تیشکی شکۆی خودایە و بەتەواوی وێنەی کوڕەکەیەتی (عیبرانییەکان1: 3). خودای نەبینراو لەئاسماندا خودی خۆی لە (هەروەها لە ڕێگای) عیسای مەسیحی بینراوەوە ڕاگەیاند لەسەر زەوی. هەروەها لە کتێبی پیرۆز نووسراوە﴿چونکە هەموو پڕی خودایی لە مەسیحدا نیشتەجێ بووە، بە لەشی خۆی،﴾ (کۆلۆسی2: 9).

**3** کەس لە خودا نزیك نابێتەوە، بەڵام ئەو خۆی لێمان نزیك دەبێتەوە.

**بخوێنە:** (1تیمۆساوس6: 16). **فێربکە:** خودا لە ڕووناکیەکدا دەژی کە لێی نزیك نابێتەوە. بۆیە، هیچ کەسێك ناتوانێت لە خودا نزیك ببێتەوە. هەروەها هیچ کەسێك ناتوانێت بەرز بێتەوە بۆ ئاسمان بۆ ئەوەی خودا ببینێت و یاخود چاوی پێ بکەوێت. بەم شێوەیە، خودا تەنها نەبینراو نییە بەڵکو هیچ ڕەنجێکی مرۆڤی ناتوانێت مرۆڤ بگەیێنێتە خودا. بۆیە هیچ ئاینێك نییە لە هەموو جیهاندا بتوانێت یارمەتیمان بدات بۆ نزیکبوونەوە لە خودای زیندوو کە لە کتێبی پیرۆز خۆی بۆ مرۆڤ ڕاگەیاند!

ئایا دەتوانین لە خودا نزیك ببینەوە؟ کتێبی پیرۆز فێرمان دەکات کەوا مرۆڤ ناتوانێت لە خودا نزیك ببێتەوە، بەڵکو خودا لێمان نزیك دەبێتەوە! خودا هاتە سەر زەوی بۆ ئەوەی خۆی ئاشکرا بکات بۆ ئێمە. خودا خۆی بە تایبەتمەندیەکی مرۆڤی بێ هێز داپۆشی و هاتە ئەم زەوییە بۆ ئەوەی لە نێوانمان بژی (یۆحەننا1: 1 - 14) (فیلیبی2: 6-8). بەم شێوەیە، خودا لێمان نزیك بووەوە بۆ ئەوەی بیناسین و پەیوەندی لەگەڵ ببەستین. لە هەموو ئاینەکانیتردا، خودا زیندووە و بە هیچ شێوەیەك لێی نزیك نابیتەوە، بەڵام ئێمە دەتوانین بە یەك ڕێگا لێی نزیك ببینەوە ئەویش لە ڕێگای عیسای مەسیحی خوداوەندەوە!

## فێرکردن

## خەڵوەتی ڕۆحی: ڕێگای ڕاستی پەسەندکراو

**ئـ ) هاندەر:** بۆچی گرنگە ڕۆژانە هەندێ کات لەگەڵ عیسای مەسیح ببەینە سەر؟

**1** دیمەنی پێکەوە نان خواردن

**بخوێنە:** (بینین3: 20). **گفتوگۆبکە:** بۆچی خەڵکی حەز دەکەن پێکەوە نان بخۆن؟

**تێبینییەکان:** مرۆڤ حەز دەکات لەگەڵ کەسانێتر نان بخوات چونکە بەم شێوەیە هاوبەشی یەکتر دەکەن! لەکتێبی پیرۆزدا (نان خواردن بەیەکەوە) دیمەنێکە لەهاوبەشی. عیسای مەسیح نایەوێت لە دەرەوەی کۆبوونەوەکانی کڵێسا بوەستێت. بەڵکو دەیەوێت لە نێو باوەڕداران بێت بۆئەوەی هاوبەش بن لەگەڵی. پاش ئەوەی عیسای مەسیح بە خوداوەند قبووڵ بکەیت لەسەر ژیانت و دڵت، یەکەم شت عیسای مەسیح دەیەوێت هاوبەش بێت لەگەڵی. ئەوەی عیسای مەسیح بە خوداوەند قبووڵ بکات واتا خودای قبووڵ کردووە (مەتتا10: 40) (کۆلۆسی1: 15)، هەروەها ئەوە کەسەی هاوبەشی لەگەڵ عیسای مەسیح هەبێت ئەوا هاوبەشی لەگەڵ خودا هەیە لە ڕێگای ڕۆحی پیرۆز (یۆحەننا16: 13-15).

**2** ئامرازی هاوبەش لەگەڵ عیسای

**ئـ. گفتوگۆبکە:** چی دەکەیت کاتێك لەگەڵ خەڵکیتر نان دەخۆیت؟ **تێبینییەکان:** کاتێك لەگەڵ خەڵکیتر نان دەخۆن ئەوا خواردن دەکەنە ناو لەشتان و قسە و باس دەگۆڕنەوە. لە لایەنی ڕۆحیشەوە ، کاتێك کە نان دەخۆیت یان لە هاوبەشی دەبی لەگەڵ عیسای مەسیح، ئەوا تۆ خواردنی ڕۆحی دەکەیتە ناو مێشك و دڵت. دەتوانیت بە ڕێگای نوێژەوە لەگەڵ عیسای مەسیح بدوێی.

**ب. بخوێنە:** (مەتا4: 4) (یۆحەننا4: 34) (1پەترۆس2: 2). **بدۆزە و گفتوگۆبکە:** عیسای مەسیح چی بە خۆراکی ڕۆحی دادەنێ؟ **تێبینییەکان:** خۆراکی ڕۆحی ڕاستەقینە ووشەی خودای پیرۆزە کە ئاشکرا کراوە لە کتێبی پیرۆز. چونکە مرۆڤ هەڵدەستێت بە تاقیکردنەوەی ژیان (لە ڕووی ڕۆحیەوە) کاتێك کە ئەوەی لە کتێبی پیرۆز نووسراوە لەژیانی جێبەجێی بکات.

پێویستە لەسەرت فێرببیت ئەوەی خودا پێتی دەفەرموێت لە کتێبی پیرۆز (بیخوێنیت) و (هەرسی) بکەیت و (پێی بژیت).

**پ. بخوێنە:** (زەبووری62: 8-9) (لۆقا11: 1-4). **بدۆزەوە و گفتوگۆبکە:** دەتوانیت بە ڕێگای نوێژ لەگەڵ خودا بدوێیت. بۆ ئەوەی هاوبەشییت هەبێت لەگەڵ خودا، پێویستە فێرببیت چۆن نوێژ بکەیت. چونکە نوێژکردن کارێکی بەردەوامی ئاینی نییە، هەروەها ووشە و جوڵەیەکی ئاینی دیاریکراو نییە کە ئەنجامی بدەیت، بەڵکو کاتێکی ڕۆحی دڵخۆشکەرە کە ڕاشکاوانە بەسەری دەبەیت لە هاوبەشی لەگەڵ خودای ڕاستەقینەی زیندوو. لە نوێژکردندا، خودا خودی خۆی قسەت لەگەڵ دەکات و تۆش وەڵامدانەوەی ئەوانە دەدەیتەوە کە پێتی دەفەرموێ. یاخود ئەوەی لە دڵت دایە بە نوێژ لەبەردەم خودا هەڵیدەڕێژی، خوداش لە کاتی گونجاو و بەو شێوەیەی کە خۆی دەیەوێت وەڵامت دەداتەوە. فێربە کە وەڵامدانەوەت هەبێت لەوەی خودا پێتی دەفەرموێت لە ووشەکەیدا. هەروەها فێربە دڵت بۆ خودا بکەیتەوە و ئەوەی ناخی دڵت بۆ ئەو بەریژێ.

**3** بەرپرسیاریەتی بەسەربردنی کاتێک لە هاوەڵی و ژیانی هاوبەش لەگەڵ عیسای مەسیح.

**فێربکە:** (بینین3: 20) باسی دوو شت دەکات، یەکەمیان باسی عیسای مەسیح دەکات کاتێک کە لەگەڵت نان دەخوات، دووەمیان باسی تۆ دەکات کاتێک کە لەگەڵ عیسای مەسیح نان دەخۆیت.

**بدۆزەوە و گفتوگۆبکە:** کێ میوانداری دەکات لەم لێکچوواندنە؟ ئایا کاتێک عیسای مەسیح لەگەڵت نان دەخوات، بەرپرسیاریەکەت چییە بەرامبەری؟ کاتێکیش تۆ لەگەڵ عیسای مەسیح نان دەخۆیت، ئایا بەرپرسیاریەتی ئەو چییە بەرامبەر بە تۆ؟

**تێبینییەکان: ئـ)** عیسای مەسیح لەگەڵم نان دەخوات، بەمەش من دەبمە میواندار، عیسای مەسیحیش دەبێتە میوان. پاشان من لەگەڵ عیسای مەسیح نان دەخۆم، بەمەش عیسای مەسیح دەبێتە میواندار و من دەبمە میوانی. **ب)** کاتێک کە من دەبمە میواندار، ئەوا بەرپرسم لەوەی کە چیم هەیە پێشکەشی عیسای مەسیحی خوداوەند بکەم، مەبەست: دڵم، کاتم، پەرۆشیم بۆ هاوبەشبوون لەگەڵی. هەروەها گوناه و ئازار و ترسەکانم. **پ)** کاتێک کە عیسای مەسیح دەبێتە میواندار، دەتوانم چاوەڕێی زۆر شتی لێبکەم! لەبەر ئەوەی من میوانی ئەوم. دەتوانم پێشبینی ئەوە بکەم کە خودا بە خودی خۆی لەگەڵم بدوێ لە کاتی هابەشبوونم لەگەڵیدا. هەروەها دەتوانم پێشبینی ئەوە بکەم کە هەرچیم بوێت و پێویستم پێی هەبێت لەو ڕۆژەدا دەمداتێ. (عیبرانییەکان4: 15-16).

**4** هاوبەشبوون لەگەڵ عیسای مەسیح

**ئـ. گفتوگۆبکە: لە** ڕۆژی ئاساییدا چەند جار نان دەخۆیت؟ لەبەرچی پێویستە بە ڕێکوپێکی نان بخۆیت؟ ئەو بیرۆکە ناوەڕۆکیە چییە کە دەتوانین دەریبهێنین لە (بینین3: 20)، پاشان جێبەجێی بکەین لە هاوبەشیمان لەگەڵ خودا؟

**تێبینییەکان: 1.** زۆربەی خەڵک دوو یان سێ ژەم دەخۆن لە ڕۆژێکدا. **2.** بۆ ئەوەی پارێزگاری لە تەندروستیمان بکەین و هێزێک بەدەست بهێنین بۆ کارکردن، نابێت تەنها خواردنێکی باش بخۆین بەڵکو دەبێت بە ڕێك و پێکی نان بخۆین. **3.** بە پشت بەستن بەو لێکچوونەی کە لە (بینین3: 20) هاتووە، پێویستە لەسەرمان هەموو ڕۆژێك کاتێك تەرخان بکەین بۆ هاوبەشی لەگەڵ خودا.

**ب. بخوێنە:** (ئیشایا50: 4-5) (مەرقۆس1: 35).

**بدۆزە و گفتوگۆبکە:** ئەو شتە چی بوو کە عیسای مەسیح بە ڕێك و پێکی ئەنجامدا کاتێك کە لەسەر زەوی بوو؟

**تێبینییەکان:** لە پەیمانی کۆن عیسای مەسیح بە (کۆیلەی خودا) ناونرا بوو. بەشی50 پەرتووکی ئیشایا دەربارەی پێغەمبەرایەتی عیسای مەسیح بوو پێش نزیکەی 700ساڵ بەر لە هاتنی یەکەمی بۆ سەر زەوی. عیسای مەسیح لە هەموو بەیانییێکدا گوێی لە دەنگی خودای باوکی دەگرت و نوێژی بەرز دەکردەوە بۆی. بەم شێوەیە عیسای مەسیح لەسەر زەوی ژیا، کاتێکی دیاریکراوی هەبوو کە هەموو بەیانیان لە نوێژ و هاوبەشی دا بوو لەگەڵ خودای باوك.

پ. **بخوێنە:** (زەبووری143: 8 ، 10) (زەبووری1: 1-2) (زەبووری5: 3 - 4 ).

**بدۆزەوە و گفتوگۆبکە:** ئەو شتە چی بوو کە داوود پاشا بە ڕێك و پێکی ئەنجامی دەدا؟

**تێبینییەکان:** بەیانیان داود پاشا پێشبینی ئەوەی دەکرد کە گوێبستی چەند ووشەیەکی خۆشەویستی بێت کە لە دڵی خوداوە هەڵقوڵابێت. هەروەها پێشبینی ئەوەی دەکرد کە خودا ئەو ڕێگایەی پیشان بدات کە دەبێت بیگرێتەبەر. ئەمەش کاتێك ڕووی دەدا کە لە ووشەی خودا ڕادەما. لە نزاکانیدا داواکاریەکانی لە بەردەم خودا دادەنا، پاشان بە هیواوە چاوەڕێی وەڵامدانەوەی خودای دەکرد، بەم شێوەیە، داوود پاشا هەموو بەیانییەك کاتێکی دیاریکراوی لە هاوبەشبوونی لەگەڵ خودا دەبردە سەر.

**پوختە:** ئەو کاتەی کە بە هاوبەش لەگەڵ خودا دەبیەینە سەری پێی دەڵێین (خەڵوەتی ڕۆحی). تۆش هەوڵ بدە خەڵوەتی ڕۆحی ببێتە نەریتێکی رۆژانە لەلات. لە کاتی خەڵوەتی ڕۆحی، ووشەی خودا (دەخوێت) کە لە کتێبی پیرۆز نووسراوە، هەروەها لە ڕێگای نوێژەوە لەگەڵ خودا دەدوێی.

**ب) ڕێگا:** چۆن رۆژانە کاتێکی خۆش بەسەر دەبەیت لە هاوبەشی لەگەڵ خودا.

هەنگاوی **1** نوێژ **بکە**. خەڵوەتی ڕۆحیت دەست پێبکە بە چوونە ناو حزوری خودا بە شێوەیەکی ژیر. داوا بکە لە خودا لەگەڵت بدوێ لەرێگای وشەکانی کە لە کتێبی پیرۆزدا نووسراوە وە لە ڕێگای ڕۆحی پیرۆزەوە. هەروەها داوای لێبکە ژیانت نوێ بکاتەوە و هانت بدات لە ڕێگای وشەکانی کتێبی پیرۆز. بۆ نموونە دەتوانی بڵێیت: خودایە تکایە *﴿چاوم بکەرەوە، شتە سەرسوڕهێنەرەکانی فێرکردنەکانت دەبینم﴾* (زەبووری119: 18).

هەنگاوی **2** بخوێنە. رۆژانە برگەیەکی کتێبی بخوێنە لەو حەوت برگە کتێبییانە کە بۆ ئەم .هەفتەیە دەستنیشان کراوە.

هەنگاوی **3**

ڕاستی پەسەند کراو هەڵبژێرە

لەوانەیە (ڕاستی پەسەند کراو) بەڵای تۆوە بریتی بێت لە برگەیێکی کتێبی، یاخود مافێکی دیاریکراو لەو برگە کتێبییانەدا هاتووە کە خوێندووتە. ئەم ڕاستیە بیرۆکەیە کە خودا بەهۆیەوە لەگەڵت دەدوێ، یان هانی بیرت دەدات، یانیش کاریکەری دەبێت لەسەر دڵت.

هەنگاوی **4** **ڕامانکردن لە ڕاستی پەسندکراو**. تۆ ڕامان دەکەیت لە ووشەی خودا چونکە دەتەوێت ڕاستی تێبگەیت و نوێبیتەوە و هان بدرێیت بە هۆی ئەم ڕاستییە، هەروەها جێبەجێی بکەیت و بەکاری بهێنی. ڕامانی مەسیحی لە 4 بەش پێکدێت: ئـ) بیربکەرەوە لە واتای ئەو ووشە جۆراوجۆرانەی کە لە ڕاستی پەسەند کراو هاتووە. تکایە هەندێك پرسیار ئاڕاستەی خۆت بکە وەك: (کێ؟ چی؟ لەکوێ؟ کەی؟ بۆچی؟ چۆن؟). ب) نوێژ بۆ خودا بەرز بکەرەوە لەکاتی بیرکردنەوەت لەو ووشانەی دەیخوێنیتەوە. داوا بکە لە خودا لەگەڵ دڵ و مێشکت بدوێ و مانای ووشەکانت بۆ ڕوون بکاتەوە و ئەو شتەت بۆ ڕوون بکاتەوە کە دەتەوێت بیزانیت و باوەڕی پێبکەیت، وەڵامدانەوەت هەبێت لەگەڵ ئەوەی خودا پێتی دەفەرموێت. پ) ئەو ڕاستییە پەسەند کراوە ببەستەوە لەگەڵ ژیانی تایبەتیت یان ئەو جیهانەی کە تیایدا دەژی. تکایە ئەم پرسیارانە لە خۆت بپرسە: (لە تیشکی ئەم ڕاستییەدا پێداویستیم چییە؟). (ئایا چۆن ئەم ڕاستییە دەتوانێت نوێم بکاتەوە یان هانم بدات؟). (ئایا خودا دەیەوێت چی بزانم، یان باوەڕی پێ بێنم، یان چی ئەنجام بدەم؟).

هەنگاوی **5** **نوێژێکی گونجاو** لەگەڵ ڕاستی پەسەندکراو بەرزبکەرەوە بۆ خودا. بەیارمەتی ووشەکانی ڕاستی پەسەندکراو ڕاستی بۆ خودا بەرز بکەرەوە. نوێژی کورت بەرز بکەرەوە لەپێناوی 4 جۆری خەڵك:

ئـ) خۆت. ب) کەسێك لە ئەندامانی خێزانەکەت. پ) کەسێکی نزیکت (کەسێك لەو گەڕەکەی لێی دەژیت، یان لە کڵێسا، یان لە شوێنی کارکردنت). ت) کەسێکی دوور (کەسێك لە شارێکیتر یان لە ولاتێکیتردا بژی).

## پ) پێشنیار بۆ خەڵوەتی ڕۆحی

**1** خەڵوەتی رۆژانە

**فێربکە:** هەموو ڕۆژێك کاتێك تەرخان بکە بۆ خەڵوەتی ڕۆحی.

ئـ) رۆژانە کاتێك تەرخان بکە بۆ خەڵوەتی ڕۆحی (بەتەنیا یان لەگەڵ کەسانیترەدا).

ب) دەتوانیت خەڵوەتی ڕۆحی بەیانیان، یان ئێواران، یاخود شەوان، ئەنجام بدەیت.

پ) شێوەی ڕاستی پەسەند کراو بەکار بهێنە.

ت) پلانی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز بەکار بهێنە.

ج) سیستەمی نیشانکردنی کتێبی پیرۆز بەکاربهێنە.

**2** پەراوی خەڵوەتی ڕۆحی

**فێربکە:** پەڕاوێکی تایبەت بەکار بهێنە بۆ خەڵوەتی ڕۆحی. وەك نەریتێك ئەم تێبینییانە بنووسە: **ئـ)** مێژوو. **ب)** نیشانەی ئەو برگە کتێبییەی خوێندوتە لە خەڵوەتی ڕۆحیدا. **پ)** ژمارەی برگەی کتێبی بۆ ڕاستی پەسەند کراو. **ت)** هەموو ئەو ڕاستییە گرنگانەی کە خودا دەیەوێت بە بیرت بێتەوە یاخود بەشداری بکەیت. پەڕاوی خەڵوەتی ڕۆحی یارمەتی بەشداربوونی خەڵوەتی ڕۆحیت دەدات لەگەڵ خەڵکانیتردا. هەروەها یارمەتیت دەدات بۆ یادکردنەوەی ئەو شتانەی کە خودا لە ڕابردوودا پێتی فەرمووە. لەپاشەڕۆژدا کاتێك ئەم تێبینییانە دەخوێنیتەوە، ڕێگاێکی دیاریکراو دەبینی کە خودا بەکاری هێناوە بۆ ڕێنیشاندانت.

**3** خەڵوەتی روحی بەکۆمەڵ

**فێربکە:** کاتێکی خۆش بەسەربەرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خەڵکانیتر.

ئـ) هەستە بە دامەزراندنی گروپێکی بچوك پێکبێت لە چەند کەسێك کە ئارەزوویان هەیە کاتێکی خۆش بەیەکەوە بەرنەسەر لە خەڵوەتی ڕۆحیدا. لەوانەیە ئەم گروپە بچووکە لە ئەندامانی خێزانێك پێکبێت، یان هاوڕێ، یانیش باوەڕدارانی گەڕەکەکە. کاتێکی گونجاو دیاری بکەن بۆ هەمووان. هەندێ باوەڕداران بەیانی زوو چاو پێکەوتن دەکەن بۆ ئەوەی کاتێك لە خەڵوەتی ڕۆحی ببەنەسەر و بەیەکەوە نوێژ بکەن پێش ئەوەی بچنە سەر کارەکانیان.

ب) کاتی خەڵوەت. گروپە بچووکەکە دابەش بکە بۆ گروپی دووانی. کاتێکی خۆش ببەنەسەر لە خەڵوەتی ڕۆحی لە گروپی دووانی بە بەکار هێنانی شێوازی ڕاستی پەسەند کراو.

ت) کاتی بەشداریکردن. لە کۆتاییدا، سەر لە نوێ کۆببنەوە بۆ ئەوەی هەر کەسێك بەشداری ڕاستی پەسەند کراو و زانیارییە نوێکان بکات (بە شێوەیەکی کورت).

ج) کاتی نوێژ. لەکۆتایی، یەك بە دوای یەك بە کورتی نزا بکەن دەربارەی ئەو شتانەی بەشداریتان کرد.

**4** کاتی بەشداری کردنی خەڵوەتە ڕۆحییەکان

**فێربکە: هەموو هەفتەیەك بەشداری خەڵوەتە ڕۆحیەکانتان بکەن.**

ئـ) ئەگەر گروپەکەت هەفتەی یەك جار کۆبووەوە، بەشێك لە کاتی کۆبوونەوەکە دیاری بکە بۆ بەشداریکردن.

ب) هەموو کەسێك بەشداری یەکێك لە خەڵوەتە ڕۆحییەکان هەفتەی ڕابردوودا بکات لەگەڵ ئەندامانی تری گروپەکە.

پ) لەکۆتایی، یەك بە دوای یەك بە کورتی نوێژ بکەن دەربارەی ئەو شتانەی بەشداریتان کرد.

## ت) مەشقی کرداری

**1.** هەموو رۆژ بە بەختەوەر بە بەخەڵوەتی ڕۆحی. شێوەی ڕاستی پەسەند کراو و برگەی کتێبی دیاریکراو بەکار بهێنە (یاخود پلانی خوێندنی کتێبی پیرۆز)، بۆ دەست پێکردن بە بەسەربردنی کاتێك لە خەڵوەتی ڕۆحی هەموو ڕۆژێك. پەڕاوی خەڵوەتی ڕۆحی بەکار بهێنە بۆ نووسینی تێبینییەکانت لەسەر هەموو خەڵوەتێکی ڕۆحی کە لەگەڵ خودا بەسەری دەبەیت. دەتوانی کاتێکی ئاسودە لە خەڵوەتی ڕۆحی بەریتەسەر بەتەنها یان لەگەڵ کەسانیتر.

**2.** بەشداری خەڵوەتە ڕۆحییەکانت بکە لە کۆبوونەوەکانی گروپ. ئەگەر ڕۆژانە یان هەفتانە کۆدەبنەوە، کاتێك دیاری بکە بۆ بەشداریکردن کە هەموو کەسێك تیایدا هەستێت بە بەشداری کردنی تێبینییەکانی دەربارەی یەکێك لە خەڵوەتە ڕۆحییەکان.

## جێبەجێ کردن

### خەڵوەتی ڕۆحی: شێوازی ڕاستی

بڕگەیەك لە كتێبی پیرۆز دەستنیشان بكە مەتتا 1: 1 – 4 :11

1- ڕابەری گروپ نوێژ بكە بۆ ئەوەی لە كاتی خەڵوەت گروپەكەت چاویان بە خوداوەند بكەوێت مەتتا 3 : 1 - 4 :11

2- ڕابەری گروپ یەكێك هەڵبژێرە بۆ ئەوەی ئەم بەشە بخوێنێتەوە مەتتا 3: 1- 4 : 11

3- دوای خوێندنەوە هەركەسەو ئایەتێك هەڵبژێرێ كە لای زۆر تایبەتە و گرنگە بۆی.

4- دوو دەقە هەر كەسە و بەتەنیا بیر بكاتەوە لەو ئایەتەی كە ئەندامانی گروپەكە هەڵیان بژاردوە دوای بیركردنەوە لە گەڵ یەك بە نۆرە بخوێننەوە باس لەم ئایەتانە بكەن كە ئەندامی گروپەكە هەڵیان بژاردووە.

گروپەكەت دابەش بكە بۆ گروپی دووانی یان سیانی بە نۆرە بە كورتی نوێژ بكەن بۆ خۆت ئەو ڕاستیەی كە تۆ بینیت لەم یایەتەی كە هەڵتبژاردوە، چوار جار بە كورتی نوێژ بكە، بۆ خۆت بۆ ئەندامی خێزانت بۆ یەكێك كە زۆر نزیكە لێت بۆ یەكێك كە دوورە لێت .

هەر دوو كەس بەیەكەوە بە بەكارهێنانی شێوازی ڕاستی پەسەند كراو خەڵوەتی ڕۆحی ئەنجام بدەن.

## نوێژ

### نوێژی وەڵامدانەوە لەگەڵ ووشەی

بەنۆرە نوێژی كورت بۆ خودا بەرزبكەنەوە بە شێوەیەك كە وەڵامدانەوەتان دەربخات سەبارەت بەو شتانەی كە ئەمڕۆ فێری بوون.

یان گروپەكە دابەش بكە بۆ گروپی دووانی یان سیانی پاشان نوێژی كورت بۆ خودا بەرزبكەنەوە بە شێوەیەك كە وەڵامدانەوەكەت پێچەوانەی ئەو زانیاریانە بكات كە ئەمڕۆ فێری بوون (ڕۆما 15 : 30 كۆلۆسی 4: 12).

## ئەركی ماڵی بۆ وانەی داهاتوو

**بەڵێن:** بەڵێن بدە بۆ تەرخانكردنی كاتێكی تایبەت بۆ هاوبەشبوونت لەگەڵ خودا (خەڵوەتی ڕۆحی). گونجاوترین كات دەستنیشان بكە بۆ جێبەجێكردنی ئەم كارە.

**خەڵوەتی ڕۆحی:** ڕۆژانە بەشێك لە (مەتتا4 : 12هەتا 7: 29) بخوێنەوە. شێوازی ڕاستی پەسەند كراو بەكار بهێنە. تێبینییەكانت بنووسە.

**وانەی خوێندنەوی كتێبی پیرۆز:** یەكەم وانەی كتێبی لە ماڵەوە ئامادە بكە (لۆقا8: 4-15). چۆن وەڵامدانەوەی ووشەی خودا بكەم؟

**نوێژ:** لەم هەفتەیەدا بۆ شتێكی دیاریكراو یان كەسێكی دیاریكراو نوێژ بكە وپاشان جاوەڕوانی كاری خودا بكە (زەبووری5: 3).

**زانیارییە نوێكان بنووسەوە لە پەڕاوی** تایبەت بە قوتابێتی. تكایە تێبینی ستایش و پەرستن، هەروەها تێبینی فێركارییەكان.